# گلگامش

و: اکبر شمس الله-زانکۆی سلێمانی/بەشی کوردی

گلگامش ئەو کەسەبوو کە بۆ نەمریی مرۆڤ دەگەڕا، گەریدەیەکی ڕاستەقینەی ڕێگای نەمریی خەونەکانی مرۆڤایەتی بوو.

داستانی گلگامش یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی مێزۆپۆتامیاو ناوبانگی گەیشتۆتە هەموو جیهانی کۆن و نوێ، دەتوانرێ بووترێت گلگامش کەسایەتییەکی مێژوویی یە، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز لەشاری ئۆرۆك وەك پاشایەك دەسەڵاتداربووەو شاری ئۆرۆك لەم داستانەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت.

وەکو هەموو پاڵەوانە مەزنەکان، چۆنیەتی لەدایکبوونی ئاسایی نەبووە.. باپیرەی پێشبینی ئەوە دەکات کە گلگامش بچێتە جێگەکەی و تاجی دەسەڵاتی لێوەرگرێ، لەبەر ئەوە گلگامشی کوڕەزای لەسەر قوللەکەیەوە فڕێ دەداتە خوارەوە، لەوکاتەدا هەڵۆیەك دێت و دەیگرێتەوە، بەڵام پێشبینییەکەی دێتەدی، گلگامش بەسەر باپیرەیدا سەردەکەوێت و دەبێتە شای ئۆرۆك.

گلگامش لەلایەن مەزنترین خوداوەندەکانەوە خوڵقێنراوە، (شمش)ی ئاسمان خۆشیویستووەو وەکو پاڵەوانێکی لێدەکات.

خودا مەزنەکان وێنەی تەواوی گلگامیشیان کێشاوە، بەرزییەکەی یازدە باڵەو سینگی نۆ بستە، چارەکێکی خودایەو چارەکەکەی دی هەڵۆ، کەس لە وێنەی نەبووە.

بەڵێ گلگامش شایەکی بەهێزبوو، خەڵکی ئۆرۆك کەوتنە سکاڵاکردن، لەوەی دەیاننێرێتە بەرەکانی جەنگ و ناهێڵێ ساتێکیش بە ئارامی بژین، هەروەها لەوەی دەبێت هەمووان لە دروستکردنی شورای شارەکەدا کاربکەن. ئەم سکاڵایە گەیشتە لای خوداوەندی ئاسمان (ئانو)، بەیارمەتی خوداوەند (ئارور) پاڵەوانێکی بەهێزیان بەناوی (ئەنکیدۆ)وە خوڵقاند.

لە کۆتاییدا خوداوەند ئەم سکاڵایەی قبوڵکردو بانگی خوداوەندی (ئۆرۆك)ی کردو پێی وت:

(تۆ بە فەرمانی (ئەلیل)، ئەم جانەوەرە قارەمانەت خوڵقاندووە؟ ئێستا لە بەرامبەریدا قارەمانێك بخوڵقێنە تاوەکو زۆرانی لەگەڵ بگرێت و خەڵکی ئۆرۆکیش بە سەلامەتی بژین).

(ئارور) دەستی ششت و لە پارچە قوڕێك ئەنکیدۆی دروست کرد.

ئەنکیدۆ لەگەڵ وەچە ئاسکەکاندا گیا دەخوات و لەگەڵ ئاژەڵەکاندا ئاو دەخواتەوە، دۆستی ئاژەڵەکانە.

گلگامش و ئەنکیدۆ بە دژواری دەکەونە زۆرانەوە،

تۆ! ئەو خەڵوزەی کە سەرما ئاگرەکەی دەکوژێنێتەوە
تۆ دەرگای پشتەوەی کە ناتوانێ ڕێ لە باو بۆران بگرێت
تۆ ئەو کۆشکەی کە پاڵەوان لە ناویدا ئەڕوخێ
تۆ بەردی مەڕمەڕی کە لێوارەکەی دەشکێ
تۆ ئەو کەوشەی کە سەما بەو کەسە دەکەی لەپێی دەکات
کام لەو عاشقانەی هەڵتبژاردوون بە بەردەوامی خۆشویشتووە".




نەخشەی میزۆپۆتامیا

لەئەنجامدا گلگامش سەردەکەوێ، بەڵام لە هەمانکاتدا ددان بە بەهێزیی ئەنکیدۆشدا دەنێ، لەو ساتەوە دەبنە هاوڕێی نزیکی یەکتری.

لە دارستانەکانی سەرزەمیندا دەست بە گەشتەکەیان دەکەن، کە (خەمبابا)ی دێو پاسەوانی دەکرد، بە یارمەتی خوداوەند (شمش) بەسەر (خەمبابا)دا سەردەکەون و پێکەوە دەگەڕێنەوە (ئۆرۆك)، لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ ئۆرۆك (عەشتار) دەیەوێت ببێ بە هاوسەری، بەڵام گلگامش قایل نابێت و بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوە:

"چ خێرێکت لێ ببینم ئەگەر ژنم بیت؟

عەشتار لەم وەڵامە توندەی گلگامش زۆر توڕە دەبێت، بەو توڕەییەوە دەچێتە لای خوداوەند (ئانو)و داوای لێدەکات گایەکی ئاسمانیی بۆ بنێرێت کە زەویی پێ تێکبدات.

"خوداوەند وەڵامی دایەوەو
گا ئاسمانییەکەی بۆ نارد،
ترس دەکەوێتە دڵی خەڵکەوە
گلگامش و ئەنکیدۆ
بڕیاریاندا لەناوی بەرن
ئەنکیدۆ کەوتە دوای گاکەو
کلکی گرت
گلگامش وەکو قەساب
سەری لێکردەوە

دوای ئەم سەرکەوتنە، باری دەروونی ئەنکیدۆ زۆر خراپ دەبێت و خۆی بە مردو دەزانێ وەك لەژێر خاکدا بێ، بەم دەردەوە نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. گگلگامش بەم ڕەوشە زۆر نیگەران و بێزار دەبێت و بەردەوام بۆ هاوڕێکەی دەگریا:

"گوێ بگرن ئەی خەڵکینە:
من بۆ ئەنکیدۆی برادەرو هاوڕێم دەگریم
ئەو تەوری تیژو کەوانی دەستم بوو
خەنجەری لا قەدم بوو
خۆشی و سەرکەوتنم بوو
شەیتان لێی دزیم
لەگەڵ ئەنکیدۆی هاوڕێ و برا بچوکم
گا ئاسمانییەکەمان گرت و کوشتمان
دژایەتی خەمبابای دارستانی زەمینمان کرد
ئەم خەوە چی بوو زەفەری پێهێنایت و لێم جیابوویتەوە؟
بە درێژایی تاریکی گوێم لێناگرێ".

ترسی مردن کەوتە دڵی گلگامش و، نەمریی بەلایەوە زۆر گران بوو.

خۆی گەیاندە لای (ئەتوناپشتم) ئەویش پێشوازی لێکردو پێی وت کە بۆ چی هاتووە؟

"براو هاوڕێکەم زۆر خۆشویستووە
لە هەموو ناخۆشییەکی ڕێگادا هاودەمم بووە
ئێستە منیش خەریکە وەکو ئەوم لێ دێت".

گلگامش پرسیار دەکات کە نهێنی نەمریی چییە:

"پێم بڵێ چۆن چوویتە ناو کۆمەڵەی خوداوەندەکانەوەو ژیانی نەمریت دۆزییەوە؟".

لە کاتێکدا (ئەتوناپشتم) چیرۆکی تۆفانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، پێی دەڵێ: (6 ڕۆژو 7 شەو) نەخەویت، ئەوکات دەبیتە خاوەنی ژیانێکی هەتاهەتایی.

بەڵام گلگامش خەوی لێدەکەوێت.. ژنەکەی ئەتوناپشتم بۆی دەسەلمێنێت کە حەوت شەوو ڕۆژ خەوتووە..ئەتوناپشتم ژنەکەی کە ناوی (ئورشنابی)یە، لەگەڵ گلگامش دەنێرێتە ئۆرۆك.

بەڵێ خودایەکی وەکو گلگامش دەبێت لەو شەڕەدا بشکێ و قەدەر زاڵ بێ بەسەریداو ڕاستیی مردن بناسێت کە مەحاڵە ڕزگارمان بێت لێی.

سەرچاوە: کتێبی رحلة الی بابل